کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-10-2007 23:57بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## دابەشبوون یان خوێن بەربوونی بەردەوام ... عومەر کەریم بەرزنجی

دەرگایەکمەشکێنەکەبەئاسانیبەکلیلدەکرێتەوە.
هەمزاتۆف

ئەوانەی نیگەرانی دابەشبوونی عێراقن، ئەو عێراقەی هەر لە سەرەتای درووست بوونیەوە تا هەنووکە بە زەبری هێزوو خوێن ڕێژی بوونیاد نراوەو پارێزراوە، دەبی نیگەرانی چی بن، لە کاتێکدا ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی قوربانیەکان پتر دەبی و ڕۆژانە دەیان تەرمی نەناسراو دەدۆزرێنەوە و بکوژەکانیشیان نەناسراون، ئەو عێراقەی دووچاری خوێن بەربوونێکی کوشندە هاتووەو وەختە ببێتە گۆڕستانێکی گەورەو هەمووماں جگە لە جەنازەیەکی بێخاوەن هیچی دیکە نەبین، لە کاتێکدا پرسەی خۆمان بەڕێوەیە بۆچی دەبێت لە بری نیگەرانی چارەنووسی خۆمان بین شیوەن بۆ کەرت بوونی جوگرافیایەك بکەین کە بەخووێن و گۆشت و ئێسکی مرۆڤەکان بەیەکەوە نووسێنراوە، جوگرافیایەك کە لەسەر زەمینەی واقیع چەند پارچە بووە.



پلانی کۆنگرێسی ئەمریکا لەمەڕ دابەشبوونی عێراق بەسەر سی هەرێمی سوننەو شیعەو کورد، تاکە چارەسەرێکی بنەڕەتی کێشەو گرفتەکانی عێراقە، چوونکە مانەوەی عێراق بەم شێوەو قەوارەیەی ئێستای و پارێزگاری کردن لە دەسەڵاتێکی مەرکەزی، جگە لە درێژەدان بە مێژوویەکی خوێناوی هیچی دیکە نییە، وەلی تەنها دابەشبوونی بەسەر سی هەرێمی فیدراڵدا دەتوانێت ئەو نەزیفی خوێنە ڕاگرێت و کۆتایی بەو ناکۆکییە تائیفی و ئەتنیکی و نەتەوەییە بهێنێت، تەنها دابەشبوونە ئارامی بۆ ئەو ماڵە نائارامانە دەگێڕێتەوە و ئومێدێك لە دڵی بێئومێداندا دەبووژێنێتەوە، تەنها دابەشبوونە ژمارەی تەرمە نەناسراوەکان بەرەو کەمبوونەوەو نەمان دەبات و بکوژە نادیارەکانیش ناچار دەبن کۆتایی بەو کاروو ئاکارەیان بێنن، لە ئێستادا کە هەرێمی کوردستان تاکەهەرێمێکی فیدراڵە لە عێراقدا، تەنها هەرێمێکی ئارام و دوورلە کوشتن و توندوو تیژییە، دەکری درووست بوونی دوو هەرێمی دیکە ئارامی بگێڕێتەوە بۆ عێراقیەکان و تا ڕادەیەك ئەو تەمی گومان و دوو دڵییەی هەندێك لایەن بڕەوێنێتەوە، بەتایبەتی ترس و دڵە ڕاوکێی تورکیا لەمەڕ ئەم هەرێمەو تۆقینی لە درووست بوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، کە ببێتە پاڵپشتێك بۆ بزافی ڕزگاری خوازی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان.

بەرەی تورکمانی داوای هەرێمی چوارەم دەکات و پێیان وایە پێویستە ئەوانیش کیانێکی تایبەتی خۆیان هەبێت، ئایا ئەوەی بەرە داوای دەکات پێویستە، ئایا تورکمان ناتوانن لە هەرێمی کوردستاندا بەئارامی بژین و تەواوی مافەکانیان پارێزراوبێت، ئایا پێداگری بەرە لەسەر وەها داوایەك کی لێی سوودمەند دەبێت و کی زەرەر مەند، ئایا ئەو ناوچانەی ئەوان دەیانەوێت هەرێمێکی تایبەت بەخۆیانی لەسەر بنیاد بنێن، بەتەنها تورکمانی لی دەژی یاخود نەتەوەی دیکەی لی دەژی و لە زۆربەی شوێنەکانیش کەمینەن و زۆرینە نین، ئایا ئێمەی کورد بەپێداگری ئەوان لەسەر هەرێمێکی تایبەت زەرەرمەند نابین، بەتایبەتی لەسەر کەرکوك کە ئێمە پێداگری ئەوە دەکەین کە شارێکی کوردستانیەو ئەوانیش پێیان وایە زۆرینەی تورکمانن و کورد کەمینەن، لەم نێوەدا دەبێت چارەنووسی عێراق بەگشتی و کەرکووك بەتایبەتی بەچی ئاراستەیەکدا بڕوات، دەبی چی بکەین بۆ ئەوەی هاوکێشە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سیاسیەکان بەسوودوو بەرژەوەندی کورد تەواو ببێت، بەمەش ئەرکی سیاسیانی کورد پتر گرانتر دەبی و دیبلۆماسیەتی کوردیش لەم نێوەدا دەبێت ڕۆلێکی گرنگ و کاریگەر بگێڕن.
هەنووکە کلیلی چارەسەری بنەڕەتی کێشەکانی عێراق لە دەستی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیدایە، لە نێو ئەوانیشدا دیدو تێڕوانینی جودا هەیە بۆ چارەسەری کێشەکان، بەتایبەتی لەسەر کێشەی کورد ئایا تاچەنێك دەتوانین کەڵك لەو دیدانە وەربگرین کە لە بەرژەوەندی ئێمەدان، چی بکەین باشە بۆ ئەوەی دیدی نەیارەکانمان کاڵبنەوەو دۆستەکانمان پترتربن، بە خوێندنەوەی تێکست و بەڵگەنامەکان تێدەگەین کە هەمیشە دوو ئاراستەی پێچەوانە لە نێو سیاسەت مەدارانی دەست ڕۆیشتووی جیهاندا هەبووە لەمەڕ دۆزی کورد وەلی ئەفسووس زۆرکات مەیلی ئاراستەی نەیار سەرکەوتوو بووەو ئێمەیش زەرەر مەند، ئەوەی گرنگە لە ئێستادا ئەوەیە کە تاچەنێك دەتوانین ئاراستە دژەکان لە خۆمان نزیك بکەینەوە تا گرەنتی زیاتر بەدەست بێنین بۆ بەدەست ە ێنانی مافە نەتەوایەتیەکانمان، دەڵێن سیاسەت وەکوو یاری شەترەنج وایە یاریزانی وریاو لێهاتوو دەیباتەوە، سەرکردەی لێزانوو سەرکەوتوویش وەك ئەو کەشتیوانە بە ئەزموونانەیە کە بەتەنها ڕووکەشی دەریا نابینن بەڵکوو پەی بە قووڵایی دەریا دەبەن و ڕاڤەی شەپۆلەکانیش دەکەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.